## وانەی 15

**سەبارەت بە کۆتایی میرنشینی شەدادی دوو بۆچوون هەیە:**

**1- کۆمەڵێك مێژوونوس ئاماژە بەوە دەکەن کە ساڵی(468ك) ساڵی کۆتایی میرنشینی شەدادیە لەسەر دەستی مەلیك شای سەلجوقی، کە توانی زۆربەی ناوچە کوردیەکان بگەڕێننەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، و شاری(دوین)یش بگرێ، و دوای ئەم ساڵەش هەواڵی شەدادیەکان نامێنێ.**

**2- هەندێ مێژوونوسی تر پێیان وایە کە ساڵی(595ك) ساڵی ڕووخان و کۆتایی میرنشینی شەدادیە، بە بەڵگەی ئەوەی کە شەدادیەکان توانیویانە لە (ئانی) درێژە بە فەرمانڕەوایەتیان بدەن، بەڵام دواتر لە لایەن مەغۆلەکانەوە کۆتاییان پێ هێنراوە.**

**میرنشینی ڕەوادی لە هەرێمی ئازەربیجان(343-469ك):**

**هەرێمی ئازەربیجان یەکێك بوو لە هەرێمە کوردنشینانەی لە سەردەمی عەبباسی، ئەم هەرێمە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای وڵاتی فارس، ناوچەیەکی بەرفراوان بوو، کە بەشێك بوو لە دەوڵەتی عەبباسی، هەروەها دەکەوتە نێوان هەرێمی ئاران و هەرێمی چیا، (ابن حوقل) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (صورە الارض) ئاماژە بەم هەرێمە دەکات لەگەڵ شارەکانی.**

**لە سەدەی (4ك/10ز) میرنشینێکی کوردی دامەزرا لە ئازەربیجان بە ناوی میرنشینی ڕەوادی،**

**مێژووی ئەم میرنشینە ئاڵۆزە و چەند سەردەمێکیشی هەیە کە زانیاریەکی ئەوتۆ لە بارەیانەوە نیە، بەتایبەتی ماوەی نێوان ساڵانی(350-420ك)، کە سەرچاوە عەرەبی و فارسەکان لە بارەیانەوە بێ دەنگن.**

**سەبارەت بە میری دامەزرێنەر ئەوە چاکەی دامەزراندنی ئەم میرنشینە دەگەڕێتەوە بۆ میر(محمد کوڕی حسین روادی)(343-345)، چونکە سەرۆکی هۆزی ڕەوادی بووە لە ئازەربیجان.**

**هۆکارەکانی دامەزراندنی میرنشینی روادی:**

**1- بەدیلگرتنی میر(مرزبانی یەکەم سالاری) لە لایەن بوەیهیەکانەوە.**

**2- ڕۆڵی کەسایەتی میر(محمد حسین روادی)، کە کەسێکی لێهاتوو و بە توانا و سەرۆکی هۆزێکی گەورە و بەهێز بوو.**

**3- سیاسەتی لامەرکەزیەتی بوەیهیەکان، ئەمەش ڕۆڵی ڕاستەوخۆی هەبوو.**

**4- لاوازی خەلافەتی عەبباسی، دووری لە سەنتەری خەلافەت.**

دوای دامەزراندنی میرنشینی ڕەوادی میری دامەزرێنەر(محمد حسین) کۆچی دوایی دەکات، و کوڕەکەی بە ناوی (حسین کوڕی محمد) کە ناسراو بوو بە(أبوالهیجا و الروادی)(345-378) دەسەلاّتی وەرگرت.

ئەوەبوو توانی لە (345ك) شاری تەورێز بگرێ، و دەسەلاّتی تێدا بچەسپێنێ، دواتریش بایەخێکی زۆری پێدا، کاروباری شارەکەی ڕێکخست و شورەیەکی قایمی لە دەوری شارەکە دروستکرد.

لە (350ك) بڕیاریدا(تەورێز) بکاتە پایتەختی میرنشینەکە، دواتر(ابوالهیجا و) هەوڵیدا دەسەلاّتی فراوان بکات، بۆیە هێرشی کردە سەر ئەرمینیا و توانی بەشێك لە ناوچەکانی ئەرمینیا ملکەچ بکات، و باجی ساڵانەی سەپاند بەسەریاندا. هەر بۆیە بە دامەزرێنەری دووەمی میرنشینەکە دادەنرێ، و لە (378ك) أبوالهیجا و کۆچی دوایی کرد.

پاش (أبوالهیجا و) کوڕەکەی بە ناوی (محمد بن حسین) دەسەلاّت وەردەگرێ کە ناسرابوو بە میر( مەملان) لە (378-391ك) حوکمی کردووە، بەلاّم ئەم میرەش یەکێکە لە میرە گرنگەکانی میرنشینەکە و خاوەن دەسەلاّتێکی پتەو بووە، زۆربەی زانیاریەکان لە بارەی ئەم میرە لە سەرچاوە ئەرمەنیەکانەوە ئاماژەی پێکراوە، چونکە ئەم میرە چەند هێرشێکی کردۆتە سەر ئەرمینیا و توانیویەتی بەشێك لەم هەرێمە کۆنترۆڵ بکات.

شایەنی باسە پێشتر ئەم ئەرکە، واتە (پاراستنی سنووری دەوڵەت) لە ئەستۆی خەلافەتی عەبباسیدا بوو لە دژی هێزە نامووسڵمانەکان، بەلاّم دوای دامەزراندنی میرنشینە کوردیەکان ئەرکی (جیهاد) کەوتە سەر شانی میرنشینەکە، واتە (کەوتە سەرشانی کورد) و میرنشینی ڕەوادیش یەکێك بوو لەم میرنشینانە.

سەرچاوە ئەرمەنیەکان، وەکو(تاریخ أرمینیا)ی مێژوونووسی ئەرمەنی(ڤارتان)، هەروەها (تاریخ أرمینیا)ی مێژوونوس(ئاسوغیك)، بە تەواوی باسی هێرشەکانی میر(مەملانی ڕەوادی) بۆ سەر ئەرمینیا دەکەن.

لە (380ك) میر مەملان لەگەڵ سوپاکەیدا هێرشیان کردۆتە سەر ئەرمینیا، چونکە پاشای ئەرمەنەکان هێرشی کردبووە سەر شاری(مەلازگرد)ی کوردی، کە دەکەوێتە (ڕۆژهەلاّتی دەریاچەی وان)، تووشی وێرانکاریەکی زۆر هاتبوون، کە سانێکی زۆریش ببوونە قوربانی، بۆیە میر مەملانیش هێرشی کردە سەر هەرێمی ئەرمینیا، و سەرچاوە ئەرمەنیەکان باس لەوە دەکەن کە میر مەملان سەرکەوتوو نەبووە، چونکە ئەرمەنیەکان هاوکاریەکی زۆریان لە لایەن هێزە مەسیحیەکانەوە پێ گەیشتووە، بەتایبەتی ڕۆمەکان و گورجەکان، بۆیە میر مەملان ناچار بووە بکشێتەوە.

هێرشی دووەمی میر مەملان بۆ ئەرمینیا لە (388ک) بووە، کەوا سەرچاوە ئەرمەنیەکان ئاماژەیان بە زۆری ژمارەی سوپای ڕەوادیەکان کردووە، چونکە زۆربەی هۆزە کوردیەکانی ئازەربیجان هاوکاری بوون.

(ئاسۆغیك) ئەرمەنی دەڵێ: ((سەد هەزار سەربازی شەدادی بە سەرکردایەتی میر مەملان لە تەورێزەوە بەرەو ئەرمینیا دە چوون، بەڵام لە ئەنجامی پێکدادانێکی زۆری سوپای ڕەوادی بە نا چاری پاشەکشەی کردووە بۆ ئازەبیجان)).

دوای مردنی میر مەملان لە (391ک) کوڕەکەی بە ناوی (ابوذ صر حـ سین بن مەملان) دە سەڵاتی وەرگرت، زانیاری لە بارەی ئەم میرە زۆر کەمە، لە ساڵی(416ک) کۆچی دوایی کردووە.

لە دوای ئەویش براکەی بە ناوی(أبومذ صور وهـ سوزان کوڕی مەملان) (416–450ک) حوکمی کردووە، لەبارەی مێژووی ئەم میرە زانیاری باش هەیە، بەتایبەتی لە کتێبی(الکامل في التاریخ)ی (ابن الاپیر)، کە با سی وەهـ سوزان دەکات، کە چۆن دژی غوزەکان وە ستاوە کە هێرشیان هێناوەتە سەر ئازەربیجان، هەروەها (ناصر خسرو)ی گەڕیدەی فارس لە(سفرنامە)کەیدا باسی وەهسوزانی ڕەوادی کردووە کە لە دژی غوزەکان جەنگاوە، لە ساڵی(438ک) خۆی سەردانی شاری تەورێزی کردووە کە پایتەختی ڕەوادیەکان بووە، و میر وهـ سوزان فەرمانڕەوا بوو لەو کاتەدا، هەروەها لە وتاری هەینیدا ناوی خوێندراوەتەوە و ئاماژەی بۆ بەهێزی و توانایی میر وهسوزان کردووە.

سەر چاوەکان باس لە هێر شی غوزە تورکەکان دەکەن بۆ سەر هەرێمی ئازەربیجان، لە (420ک) و ساڵانی دواتر، لە ئەنجامدا میر وهـ سوزان بە نا چاری ملکە چی خۆی بۆیان ڕادەگەیەنێ، دەرگای ئازەربیجان بۆیان واڵا دەبێت.

هێرشی غوزەکان دووبارە گەیشتەوە ئازەربیجان لە (432–433ک)، بەڵام میر وهسوزان و ڕەوادیەکان توانیان بەرامبەریان بوەستن و زۆریان لێ بکوژن، بۆیە غوزەکان بە ناچاری کشانەوە.

ئەم زانیاریانەش شاعیر(قگران تبرێزی) ئاماژەی بۆ دەکات، هەروەها ئاماژە بە ئازایەتی میر وهسوزان دەکات، کەوا تە میر وهـ سوزان یەکێکە لە میرە گرنگەکانی رواد یەکان و سەرکەوتوو بووە لە بەرپەرچدانەوەی غوزەکان.

کەواتە میرنشینی روادی لە (446ک) کەوتە دە ست سەلجوقیەکان، ئەمەش سەرەتای لەدە ستدانی سەربەخۆییان بوو، هەروەها کۆ چکردنی تورکەکان بۆ هەرێمەکە دە ستی پێکرد، و لە شارەکانیدا نیشتەجێ بوون، بەمەش تورکەکان دەستیان کرد بە دەست خستنە ناو کاروباری میرنشینەکە.

لە ڕووداوەکانی (450ک) (ابن الاپیر) ئاماژە بەوە دەکان: کە سوڵتان گغرل بگ هەڵ ساوە بە دانانی میرێکی نوێ بۆ رواد یەکان، بە ناوی(میر مەملان)(450–463ک)، بەڵام ابن الاپیر بەهیچ شێوەیەك

ئاماژە بۆ چارەنوو سی میر وە سوزان ناکات کە ئایا چی بە سەرهاتووە؟! کوژراوە یاخود لە تەخت لادراوە، تا ئێستاش زانیاری نیە لە بارەی چارەنووسی وەسوزان.

بەم شێوەیە میر مەملان(مەملانی دووەم) کرا بە میری فەرمی روادیەکان، کە ئەویش کوڕی وە سوزان بوو، بەڵام هێندەی پێ نە چوو شارە کوردیەکانی ئەم هەرێمە توو شی کاولکاری هاتن لە لایەن سەلجوقیەکانەوە، بەتایبەتی(تەورێزی) پایتەختی میرن شینەکە، کە لە (452ک) سەلجوقیەکان هێر شیان کردۆتە سەر ئەم شارە، کو شتاری و کاولکاری زۆریان لێ ئەنجام داوە، بەڵام ئاماژە بە هۆکاری هێر شەکە نەکراوە، بەڵام لەوانەیە بەهۆی پا شگەزبوونەوەی میر(مەملان) بووبێت لە دانی باجی ساڵانە بە سەلجوقیەکان.

هەروەها لە (454ک) دی سان تەورێز توو شی وێرانکاری هات لە لایەن سەلجوقیەکانەوە، بۆیە میر مەملان هەوڵیدا بـ چێتە لای خەلیفەی عەبـا سی و ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە هێر شەکانی سەلجوقیەکان دەربڕی، خەلیفەی عەببا سیش (قائم بأمرالله) نامەیەکی بۆ (گغرل بگ) نارد و داوای لێکرد کە کۆتایی بە هێرشەکانی بهێنێ بۆ سەر هەرێمەکە، بەڵام گغرل بگ بە هیچ شێوەیەك بایەخی بە نامەکەی خەلیفە نەداوە، بە بەڵگەی بەردەوامی هێرشەکان.

بۆیە میر مەملان نا چار دەبێ بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە و گەڕانەوەی تەورێز، ئەوەبوو ملکە چی خۆی بۆ سەلجوقیەکان دووپات کردەوە، ئەوانیش باجێکی زۆریان سەپاند بە سەر میرن شینەکە، هێزەکانیش هەرێمەکەیان بەجێ هێشت.

بەڵام دەتوانین بڵێین میرن شینەکە لە (469ک) لەلایەن سوڵتان مەلیك شا (465-485ک))ی سەلجوقیەوە کۆتایی پێهاتووە. لە ڕووداوەکانی (463ک) با سی ئەوە دەکرێ کە کاتێ سوڵتان ئەلب ئەر سەلان (455-465ک) لە هێر شەکانی دژی ڕۆمەکان گەڕاوەتەوە، وی ستویەتی هەرێمەکە ڕا ستەوخۆ بخاتەوە ژێر دە سەڵاتی خۆیان، بۆیە میر(مەملان) و کوڕەکانی دە ستگیر کردووە، بەڵام واپێ دە چێ کە روادیەکان توانیویانە تا (469ک) درێژە بە دە سەڵاتیان بدەن، تا لە سەر دە ستی (مەلیك شا) لەناوچوونە.